# پێکەکان بیریان دەچێت بمخۆنەوە



چنار نامق

بەچرپەیەك دێیتەوە دنیای دڵم   و
تەرمی ساڵەکان بەگۆرستانەکانی
مێژوو دەسپێریت    ...
ئاسمانی چاوی   نابینام
لێو دەکەیت لەمۆمی داگیرساو  ...
هەموو ساڵێك گەڵایەك
لەو درەختە رەنگاڵەیە دەکەیتەوە  ... و
بۆ مەرگی   ساڵێك
تنۆکێ  رۆندك ناڕێژی
ئیدی چۆن داوام  لێدەکەیت
بڵێم  گشت ساڵێك بەخۆشی ..!!
کەتۆ   هاتی
نەشەو مەیلی  خەوی مابوو
نەرۆژ  چاوی  هەڵدەهات
سەیری  ئاسۆ کات
کەسێبەرت بەلای شەوگاردا تێپەری
نیگەرانی روخساری رۆژی داپۆشی
ئیدی بازێك لەسەر شانما نەنیشتەوە و
ئەستێرەکانی سەر پەنجەم کوژانەوە
ئیدی ناچار
شیعرەکانم  لەتاریکیدا دەنوسی ...
سپێدەیەك  بەجریوە
خەیاڵم پرکە لە خۆشی
لەجێی  خەمدا   با بەخەندەیەك  ئاوس بم   ...
ئەوکات  بەڵێنت پێ دەدەم
دانەکانم  نەشارمەوە

ساڵ  رۆیشت  و
باڵندەیەك    شوێن کۆچ و کۆچباری نەکەوت
شەو  نییە  کابوسە خەونێك
وەئاگام نەهێنێ   ...
بەچرپەیەك   دێیتەوە دنیای دڵم و
خورپەی   ناخم  دەهەژێنی    ...

دەستەکانم پڕ دەکەیتەوە لەگوڵ و
چاوەکانم پڕ  ئەستێرەی
گەشی هیوا   .. و
ناخم پڕ کۆتری سپی
خۆشەویستی  ..
نا هاوڕێ  ...چیدی بەجوانی
ئێوارەیەکی نارنجی سوێندم مەدە
نەبا لەغروری خۆمدا
ڕازی دڵی
چڵە نێرگزێکی ژاکاوم بیرچێتەوە
گوڵەکان کەدەژاکێن نامرن
لەخەیاڵی مەستی مندا
هە میشە یاد دەکرێنەوە   ...
سپێدەیان بەکام شەقام بڵێم دەخیل
لێرەوە دێت ..  چاوت لێی بێ  ...
بەکام خۆرە بڵێم هەورێك
لەژێر سینگتدا ڕابخە نسیە بکات
نەبا سیمای ڕەش داگەرێت  ..
یا  بەکام شنە (با ) بڵێم
دەمێ دێت خۆت بشارەوە
نەبا لەنجەت ئاوێتە بەرەوتی ببێ و
نەیناسمەوە
سەر پەنجەکانت پڕ کردم لەئەستێرە   ...
وەلێ
دورگەی چاوەکانم
ئاسمانێکی بێ  ساماڵە   ...
کاتژمێردوانزەدەژمێرێ
چرکەکانیش لەحەژمەتا
دڵیان پەلە پەل لێدەدات
کات دەوەستێ و
پێکەکان لەبیریان دەچێت بمخۆنەوە
لەپرسەی مەرگی  ئەم ساڵدا
منیش  وەکوچرکەکان دەخولێمەوە     و
پێم ئەستەمەبڵێم :
گشت ساڵێك بەخۆشی